# نامەی کراوەی چالاکانی سیاسیی کورد بۆ ئەندامانی کوردی دەوڵەتی ئێراق

بۆ بەڕێزان :

دوکتور رۆژ نووری شاوەیس  جێگری سەروککۆماری دەولەتی ئێراق
دوکتور بەرهەم ئەحمەد ساڵەح جێگری سەروکوەزیرانی دەولەتی ئێراق
هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی دەولەتی ئێراق
هەموو وەزیرە کوردەکان لە دەولەتی ئێراقدا

لە گەڵ ڕێز و حورمەت .

وەک ئاگادارن رۆژی 20ی کانوونی یەکەم ( دیسامبر) کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەکانی یەکگرتوو ، بە پەسند کردنی بریارێک ، ئیدانەی  حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی کرد و ، ئەم حکوومەتەی بە پێشێل کردنی مافیمرۆڤ ،  کوشتنی هاولاتیان بەشێوەی نامرۆڤانەی وەک هەڵواسین بە جەرسەقیل لە شوێنە گشتییەکاندا ، بەردباران( رەجم)کردن ، ئەشکەنجە و ئازار ، شکانی کەرامەتی ئینسانی ، پێشێل کردنی پێوەرە نێونەتەوەییەکانی دادوەری و هەلاواردنی رێکخراو بەدژی ژنان و بەتایبەت "کەمینەکان"  تاوانبار کرد .

لە کۆی 136 نوێنەری  ولاتانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەدا ، کەمایەتییەک( 54 ولات) بە پشتیوانیکردن لە تاوانکاریەکانی حکوومەتی ئێران بە دژی ئەو بریارنامەیە دەنگیان دا . کە بە زۆری ولاتانێکن بە حاکمانی دیکتاتۆر ، دز و تاوانکارەوە.

بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەرێز حکوومەتی ئێراقیش ، یەکێک لەو ولاتانەی بوو کە دژی مەحکووم کردنی ئێران دەنگی دا و بەم شێوەیە جێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دیار کرد . کە ئەویش بەرەی سەرکوتگەران و نەیارانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤە . ئەو بەرەیەی کە دەسەلاتە داپلۆسێنەرو دژە مرۆڤایەتیەکەی سەدامی روخاویش لە ریزی پێشەوەیدا بوو.

بێگومان ئێوەش لەگەل ئێمە هاودەنگن کە چەمکەکانی مافی مرۆڤ ، ئازادی و پاراستنی حورمەت و کەرامەتی ئەندامانی کۆمەڵ نابێ وەک ئامێر کەڵکیان لێوەربگیرێ و بخرێنە نێو بازنەی ساتوسەودای سیاسی و نان بەقەرزدان بە دیکتاتۆرانەوە . کردەوەیەک کە بەداخەوە ئەمرۆ زۆر لە  دەسەلاتداران رەچاوی دەکەن . پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئەوەیە: حکوومەتی ئێراق چ پاساوێکی بۆ ئەم کارەی هەیە ؟ مەگەر بریار نەبوو،ولاتێکی ئازاد و دێموکرات لەسەر کەلاوەکانی دەسەلاتی پڕ لە تاوانی بەعسییەکان دامەرزێنن و بیکەن بە نموونە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست؟ ئەمەیە نموونەی ئەو ئازادی و دێموکراسییەی کە دەولەتی ئێراق و پشتیوانانی بەڵێنیی بە  خەڵکی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست دەدەن ؟

ئایا کاربەدەستانی ئەمرۆی ئێراق هێند زوو دەسەلات و پلەی حکوومەتی کوێریکردوون کە لەبیریان چووەتەوە لەم ولاتەدا چی روویداوە؟ ئەم تازە بەدەسەلات گەیەندراوانە بەکام پێوەر دەوێرن وا بە ئاسانی پێ بنێنە جێ پێی حکوومەتی پێشوو و بە دژی پروتستۆکردنی جەنایەتکاران راوەستن . ئایا خەیالی زیندووکردنەوەی دەسەلاتی بەعسیان لەمێشکدایە؟

لە هیچکەس شاراوە نییە  ئێستا لە ئێراندا حکوومەتێکی ئیدئولوژیکی  تیۆکراتیک و  تۆتالیتر دەسەلاتی بەدەستەوەیە. ئەم حکوومەتە دژی هەرچەشنە سکۆلاریزم و مەدەنییەتێکە و، لە تاوان و جەنایەتدا دەستەبرایەکی بە ئەمەگی حکوومەتی  سەدام حسێنە.حکوومەتێک کە وێرای سەرکوتی دڕندانەی دانیشتووانی ئێران و بەتایبەت گەلی کوردمان لە رۆژهەلاتی کوردستان، هەڕەشەیەکی پڕ مەترسییە بۆ سەر عیلمانییەت بەگشتی و ولاتانی دەوروبەر و لەوانە باشووری کوردستان و ئێراق بەتایبەتی. بۆیە  گەلانی دانیشتووی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاوەڕوانن کە نەتەوەکانی ڕزگاربوو لەدەستی ستەمکارێک وەک سەدام حسێن ، هەست بە ئازار و مەینەتیان بکەن و لانیکەم لەم کاتانەدا خەمخۆریان بن . نەک بەشێوەی حکوومەتەکەی ئێوە خوێ بەسەر برینیان دا بپژێنن .

بەڕێزان !

ئەوهەڵوێستەی حکوومەتی ئێراق، کردارێکی ناڕەوایە و بێگومان بۆ ئێوە وەک هاونیشتمانیی کورد نارەواترە . چوونکە ئەوە 25 ساڵە بەشێک لە کوردستان لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە تاوانی مافخوازی ، لەوپەڕی دڵڕەقی و بەشێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت دەکرێ و ڕۆژ نییە تاوانێک بەدژی گەلەکەمان لەم بەشەدا بەڕێوە نەچێ . بەشێوەیەک هەرئێستا زیندانەکانی حکوومەتی ئێران پڕە لە ڕۆڵەی کورد و سێدارە و پەت وقەنارەی هەر ڕۆژ لە ملی شۆڕەلاوێکدا توند دەکرێن .

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئێوە ئاگاداری ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتەکەتان بوون یا نا ؟ ئەگەر ئاگادار بوون، جێگەی خۆیەتی بوێرانە وێرای داوای لێبوردن لە گەلانی دانیشتووی ئێران و بەتایبەت روژهەڵاتی کوردستان ، لە حکوومەتی ئێراقیش بخوازن ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە.

ئەگەر ئاگاداری ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی یاوەر - عەلاوی نەبوون ، چۆن ئیجازە دەدەن بە دەردەکەی " تاهامحیەدین مەعرووف" و وەزیرە "کوردە" کارتۆنییەکانی حکوومەتی سەدام تان ببەن. کە توانا و دەسەڵاتی جەیش شەعبییەکیان نەبوو .

گەلی کورد، گەورەترین قوربانیی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی و هەڵبژاردنی چارەنووسە . بۆیە هەرکام لە ئێوە وەک کوردێک، دەبێ دەرد و ژانی خەڵکانی ژێر چەپۆکەی ناعەداڵەتی و سەرەڕۆیی باش دەرک بکەن . چوونکە خۆتان ڕۆڵەی گەلێکی کیمیاباران کراون . ئەنفال تان دیوە و کەس وکارتانیان وەک ئاژەڵ لە پشت "زیل" هەڵڕشتووە و بێسەروشوێنیان کردوون . بۆیە چاوەڕووان ناکرێ هیچ کوردێک ، بەتایبەت خوێندەوار و تێگەیشتووانی ، داکۆکی لە جەنایەتکار و تێروریزمی دەوڵەتی بکات .

ئێمە پێمانوایە حکوومەتێک ئەوە بڕیاری بێت و جێگەی خۆی لە ڕیزی دەوڵەتانی تێروریست و سەرەڕۆدا ببینێتەوە ، گەر دەرەتانی هەبێ هەمان سیاسەت لەنیوخۆی وڵاتەکەی خۆیدا دەژینێتەوە. حکوومەتێکیوا شیاوی ئەوە نییە کورد هاوشان و هارکاری بێت .

بەڕێزان !

بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی خۆتان نیشان بدەن ڕۆڵەی سەردەمی گەلی چەوساوەی کوردن و ، ئازار و ئێشی هەر ئینسانێک ئازارتان دەدات. چونکە هیچ نەتەوەیەک لەم سەردەمەدا وەک کورد مانای سەرکوت و داپڵۆسین و بێکەسی و بێدەرەتانی نەچێشتووە.

لە گەل ڕێزماندا.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد **CHAK** ناوەندی چالاک لە بواری مافی مرۆڤدا

ئەنستیتوی فەرهەنگیی کورد ، سوئید

سەنتەری ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کوردستان ( هولەند ) ناوەندی روشنبیری

دوکتور حوسین خەلیقی چالاکی سیاسی ، نووسەر و توێژەر

سەلاح گەرمیان چالاکی سیاسی ، تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ

سەعیدی کاوە ( کوێستانی) چالاکی سیاسی ، نووسەر

عەلی مەحموود موحەمەد چالاکی سیاسی، نووسەر

| | |
|---|---|
| کەماڵی عیزەتی | چالاکی سیاسی ، فەرگەنگی |
| فەریبا سالەحزادە | خوێندکار |
| فایەق کۆماسی | چالاکی سیاسی |
| حێشمەت خوسرەوی | چالاکی سیاسی ، رۆژنامەوان |
| رەحیم پەروا ( ئاویەر) | چالاکی سیاسی |
| هیوا گوڵموحەممەدی | چالاکی سیاسی و نووسەر |
| ئیبراهیم کووشا | خوێندکار |
| ئیبراهیم فەرشی | چالاکی سیاسی ، دەرهێنەر(تاتر) ، نووسەر |
| نادری فەتحی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی |
| عەبدولواحیدی خەندەرەش | چالاکی سیاسی ، خوێندکار و وەرگێڕ |
| خالیدی عەزیزی | چالاکی سیاسی و نووسەر |
| فارووقی مێعمارزادە | چالاکی سیاسی |
| کەریم مەرسەنە | چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوان |
| موحەمەدی جەهانگیری | چالاکی سیاسی |
| ئاکامی ئەحمەدی | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی |
| شەریفی بێهروز | چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی |
| خەلیل غەزەڵی | چالاکی سیاسی |

| | |
|---|---|
| سایتی کاک هیوا | www.kak-hiwa.tk |
| سایتی( بۆکان) ڕۆژهەڵات | www.rojhalat.de |
| ماڵپەڕی کوردستان- نیوزیلاند | www.kurdistanz.com |
| وێبلاگی کوردستان | http://kurdstan.blogspot.com |
| وێبلاگی نەکەرۆز | http://nekerooz.blogspot.com |
| سایتی رۆژهەڵات.ئورگ | www.rojhilat.org |
| کوردستان سایت | www.kurdistansite.com |
| سایتی هەڵوێست | www.helwist.com |

ئادرەسی پێوەندیی: **hawdengi@yahoo.ca**

وێنە بۆ :
جێگرانی سەروک کۆمار و سەروکوەزیرانی ئێراق
وەزیرە کوردەکانی دەوڵەتی کاتیی ئێراق
حیزبە سیاسیەکانی روژهەڵات و باشووری کوردستان
سەروکوەزیرانی حکوومەتەکانی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی هەولێر و سلێمانی
راگەیەنەرەکانی چاپەمەنی و ئینتێرنێتی